پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی حقوق بۆ موتەڵع : ئەوەی بەسەر سەرکردەکان لە باڵیۆزخانەکەمان لە ڕیاز هات جێگەی شەرمەزارییە

پەرلەمانتار حسێن دەراجی ئەندامی بزووتنەوەی حقوق، ڕووداوەکەی سەرکردەکان لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ڕیاز بە "شەرمانە" وەسف کرد و دووپاتی کردەوە کە باڵیۆزی عێراق بانگهێشت کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکانی با بەتەکە.

دەراجی لە لێدوانێکی تایبەتدا بە موتەڵع میدیای ڕاگەیاند، "ئەگەر ئەو گرتە ڤیدیۆییەی لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە سۆشیال میدیادا بڵاوبووەتەوە، ڕاستەقینە بوو و سەلمێندرا، ئەوە بەڕاستی جێگەی شەرمەزارییە، بەتایبەتی بەو پێیەی عێراق خاوەن پێگەیە لەنێو وڵاتانی ناوچەکە و دەرووبەری".

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەنجومەنی نوێنەران داوای لێکۆڵینەوەی بەپەلەی لەم با بەتە کردووە بۆ دڵنیابوون لە وردەکارییەکانی، چونکە بەڕاستی قبوڵکراو نییە".

ئەلدەراجی جەختی لەوە کردەوە کە بەدواداچوون بۆ ئەو با بەتە بەشێکە لە پاراستنی پێگە و ناوبانگی عێراق لە کۆڕ و کۆڕبەندە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

ئەمەش لە دوای گرتەیەکی ڤیدیۆیی بە شێوەیەکی بەرفراوان دێت کە دیپلۆماتکارە عێراقییەکان لەبەردەم هاوتا سعودییە دانیشتووەکانیان وەستاون.